**FOR IMMEDIATE RELEASE**
**لێدوانی رۆژنامەوانی**

United Nations Assistance Mission for Iraq (UNAMI)
بعثـة الأمم المتحـدة لمساعدة العراق (يـونـامي)

# PRESS RELEASE

**لێدوانی رۆژنامەوانی**

## نەتەوە یەکگرتووەکان رێککەوتنێکی دارایی دابینکردن لەگەڵ فەرەنسا واژۆ دەکات بۆ هاوکاریکردنی پرۆسەی چاودێریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەمساڵی تشرینی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بەغدا، ٢٦ی تەموزی ٢٠٢١:- نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەسخۆشی لە هاوکارییە داراییەکەی فەرەنسا دەکات بە گوژمەی ٥٠٠ هەزار یۆرۆ بۆ پرۆژەی چاودێریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیی پێشوەختەی داهاتووی عێراق لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا.

هاوکارییە داراییەکەی فەرەنسا دەبێتە مایەی بەتواناکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دامەزراندنی چاودێرانی هەڵبژاردن لەبەر رۆشنایی بڕیاری ٢٥٧٦ی ( ٢٠٢١) ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

لەمبارەوە، باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق، بورونۆ ئوبیرت، وتی "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی ئەرێنییانە وەڵامی داوایەکەی عێراق دایەوە بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن. شایانی باسە، فەرەنسا زۆر دڵسۆزانە پشتگیری لە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد لە عێراق دەکات بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی خەڵک لە سەروەریی یاسا و ئەنجامدانی چاکسازی. "

رێکخراوی یونۆپس لەجیاتی نەتەوە یەکگرتووەکان رێککەوتنەکەی واژۆ کرد بۆ بەڕێوەبردن و داراییدان و هەڵسوڕاندنی پرۆژەکە. نەتەوە یەکگرتووەکان لای خۆیەوە سوپاسی فەرەنسا دەکات بۆ ئەم هاریکارییە داراییە کە دەبێتە مایەی بەهێزکردنی پشتگیریکردنی پرۆسەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد و روون لە عێراقدا.

***************

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە بەشی راگەیاندنی یونامی لەسەر ئیمێلی [unami-information@un.org](mailto:unami-information@un.org)